# مێسیی بەغدا
# لە کوردستان دەستی پێ کرد

**کورتە فیلمی «مێسیی بەغدا» لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفەیە کە براوەی ٦٠ خەڵاتی جیهانییە و، وەك فیلمێکی سینەمایی بەرهەم دەهێندرێت و، کاری وێنەگرتنی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە.**

لەم بارەوە سەهیم عومەر بە گوڵانی ڕاگەیاند: بودجەی بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمە سینەماییە لەلایەن وڵاتانی بەلجیکا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان دابینکراوە و، تەنیا لە هەرێمی کوردستان ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی لە بودجەی فیلمەکە، بۆ وێنەگرتن و بەرهەمهێنان خەرج دەکرێت. لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٢١ وێنەگرتنی ئەم بەرهەمە لە هەرێمی کوردستن دەستی پێ کردووە و تاوەکو مانگی تەمموزی داهاتوو بەردەوام دەبێت، لۆکەیشنەکانی وێنەگرتنی فیلمەکە لە سنووری هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر دەبێت، سەبارەت بە ستافی تەکنیکیی فیلمەکە، سەهیم عومەر گوتی: «ستافێکی پڕۆفیشناڵی بواری تەکنیکی سینەمایی لە کوردستان، بەلجیکا و هۆڵەندا بەشدارن و، هەریەك لە حسێن حەسەن، زەهرا غەندوور، ئەسیر عادل و عادل عەبدولڕەحمان لەم بەرهەمەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، هەر یەکە لە هێندریك ڤێرتە لە ڕێگەی کۆمپانیای ئەی تیم پرۆدەکشن (A Team Productions) لە بەلجیکا، محەممەد ئەکتاش لە ڕێگەی کۆمپانیای میتۆس فیلم (Mitos Film) لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و هەرێمی کوردستانیش لە بەرهەمهێنانیدا بەشدار دەبن».

سەهیم دەربارەی چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی فیلمەکە گوتی: «کۆمپانیای وایڵد بۆنچ (Wild Bunch) کە بەهێزترین کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی فیلمە لە ئەوروپا، ئەرکی بڵاوکردنەوەی فیلمەکەی لە ئەستۆ گرتووە».

کورتەفیلمی «مێسیی بەغدا» لە ٢٠١٢ بەرهەم هات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و، بووە خاوەنی ٦٠ خەڵات لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا، یەکێك لە ١٠ کورتەفیلمەکانی کورتەلیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەك باشترین کورتەفیلم.

«مێسیی بەغدا» باس لە منداڵێك دەکات کە هەرچەند



خاوەن پێداویستیی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و، هۆگری یاریزانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردی ئەرجەنتن، لیۆنێل مێسییە.

ئەم فیلمە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنێل مێسی بکەوێت و، دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی مادیی بۆ کۆکردەوە، لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروست کرا.

لە ساڵی ٢٠١٧ بەڕێوەبەرایەتیی سینەما لە بەلجیکا، بودجەی بۆ نووسینەوەی سیناریۆی «مێسیی بەغدا» بۆ فیلمێکی درێژ تەرخان کرد و، بودجەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی تەرخان کرد، کە ساڵانە تەنیا پاڵپشتیی شەش تا هەشت پرۆژەی سینەمایی لەو وڵاتە دەکات.

بڕیاربوو کاری وێنەگرتنی فیلمەکە لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٠ دەست پێ بکات، بەڵام بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەك تەواوی بەرهەمە سینەماییەکانی دیکە، لە جیهاندا کاریگەریی لەسەر وادەی وێنەگرتنی ئەم فیلمەش هەبوو.

ئەم بەرهەمە دەبێتە دووەم بەرهەمی درێژی سینەمایی خەلیفە لە دوای فیلمی درێژی سینەمایی «زاگرۆس» کە ١٢ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەماییەکاندا بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی گەورەی ٤٤مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت لە بەلجیکا.

سەهیم عومەر خەلیفە دانیشتووی وڵاتی بەلجیکایە، لەرێگەی کورتە فیلمی «خاکی پاڵەوانان»، «مێسیی بەغدا»، زیاتر لە ١٢٠ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایەکاندا بەدەست هێناوە و، دوو لە فیلمەکانی کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار بوون، وەك باشترین کورتەفیلم، ئێستا یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیلم لە ئەکادیمیای ئۆسکار و، لە رووی وەرگرتنی خەڵاتی سینەماییەوە خاوەنی چەندین ریکۆردە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق و بەلجیکا.









## نارین فەقێ بۆ گوڵان:

# پێویستە هونەری کوردی دووبارە بگەڕێنینەوە ئاستی جارانی



## ئایتن عامر:

# ئەوە خۆشترین هاوینە

شەپۆلی گەرمای ئەم ساڵ زۆربەی وڵاتانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، تا رادەیەکیش بۆتە مایەی بێزارکردنی خەڵکی لە زۆربەی ئەو وڵاتانە، بەڵام خانمە ئەکتەری میسری (ئایتن عامر) رایەکی پێچەوانەی لە زۆربەی خەڵکی هەیە، ئایتن لە رێگای ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام وێنەیەکی نوێی بڵاوکردەوە لە کاتی بەسەر بردنی پشووی هاوینەی، لە وێنەکەدا پارچەیەکی کێکی هەڵگرتووە و دەیخوات و، لەگەڵ وێنەکە نووسیوویەتی (رۆژێکی خۆشمان بەسەر برد، بە تامی رۆژانی رابردوو، فریسکا، راکت، ساندویچی پەنیر، میوەی بە تام و خۆش).

واپێدەچێت ئایتن دڵی بەم گەرمایە خۆشبێت، بۆیە لە کۆتایی پۆستەکەیدا نووسیبووی: سەرەڕای هەموو ئەمانە کورسییە تایبەتەکە و چەترەکەشمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، بە راستی ئەمە ئەو هاوینەیە کە من خۆشم دەوێ.

**سەرچاوە:Gololy**



خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان نارین فەقێ لە لێدوانێکیدا دەربارەی کاریگەریی بارودۆخی کوردستان لەسەر هونەری کوردی رایگەیاند: ”لە ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش، بارودۆخی کوردستان لە زۆر رووەوە ئاڵۆز بوو، بواری هونەریش، بەتایبەتی گۆرانی و موزیك بێبەش نەبوو لەو کاریگەرییە، ئەمەش لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە هەوڵ بدەین تا هونەری کوردی دووبارە بگەڕێنینەوە ئاستی جارانی و، زیاتریش پێشی بخەین و لە کاریگەرییەکانی دۆخی نەخوازراوی کوردستان دووری بخەینەوە و، هەوڵی دووبارە زیندووکردنەوەی بدەین.

سەبارەت بە رۆڵی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەی کارە هونەرییەکان، نارین پێیوایە کە لە دوای ئەو قەیرانەی کۆرۆنا لە جیهاندا دروستی کرد، رۆڵ و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا بە باشی دەرکەوتن، کە رۆڵێکی ئەرێنیی هەیە لە پێشخستنی هونەر و، بووە بە سەکۆیەك بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان و، بینەرانی یوتیوبیش لەسەرتاسەری جیهان زیادیان کردووە، تەنانەت لە رووی ماددیشەوە توانییان هاوکاری زۆر پەیدا بکەن بۆ کارەکانیان“.

نارین تیشك دەخاتە سەر کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بڵاوبوونەوەی هونەری رەسەنی کوردی و دەڵێت: ”بەداخەوە ئێمەی کورد نەمانتوانیوە وەك پێویست بۆ پێشخستنی هونەرەکەمان سوود لە سۆشیال میدیا وەربگرین، بەتایبەتی بەشێکی زۆری گەنجەکانمان، چونکە ئیستا کەسانێکی زۆر بە ستایلی جیاواز و بێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکیان لەسەر بێت گۆرانی دەڵێن و، لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەنجان هەیە، بۆیە پێویستە گەنجەکانمان لەسەر خۆشویستنی هونەری رەسەنی کوردی و گوێگرتن لێی پەروەردە بکەین.

# بریتنی سپێرز پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی لەگەڵ باوکی ئاشکرا دەکات



خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی بریتنی سپێرز لە دیمانەیەکدا تیشکی خستە پەیوەندیی لەگەڵ باوکی و، بە ناڕێك و ئاڵۆز وەسفی کرد، چونکە بەپێی قسەکانی، ناتوانێت بکەوێتە ژێر رکێفی باوکی.

بیریتنی ئەوەی ئاشکرا کرد کە باوکی بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت دەست بخاتە نێو ژیانی کچەکەی و کۆنترۆڵی بکات، ئەویش هەرچۆنێك بێت، بەمە رازی نییە، چونکە باوکی نیازی ئازاردانی ئەوی هەیە.

ئەم وتانەی بریتنی لە بەردەم دادگای لۆس ئەنجلوس بەشێوەی ئۆنلاین هاتن و، لە میانەیدا بریتنی بەیاننامەیەکی دەربارەی زەوتکاریی باوکی دەرکرد، کە دەیان ساڵی خایاندووە و، تێیدا رایگەیاند ئەم زەوتکارییە بووەتە هۆی ئەوەی کە دەست بەسەر هەموو لایەکی ژیانیدا بگرێت، داواشی لە دادوەر کرد کە کۆتایی پێ بهێنێت، چونکە وایکردووە کە لەلایەن جێمی سپێرزی باوکییەوە، وەك کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا بریتنی دەڵێ: بۆچی وام لێدەکرێت؟ بۆ رێگا بە باوکم دەدرێت دەست بە سەر هەموو وردەکارییەکانی ژیانمدا بگرێت، بە جۆرێك کە ئازارم بدات، هەست دەکەم من ناتوانم بە ئازادی هەناسە هەڵبمژم، یان گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆم بدەم، بە هۆی ئەم بارودۆخەوە.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا بریتنی دەڵێ: کاتی ئەوە هاتووە کە کارەکانی خۆم راپەڕێنم دوور لە کۆنترۆڵی هیچ کەسێك، چونکە کاتی زۆر زەحمەت و ناخۆشم بەسەر بردووە، لە ئالوودە بوون بە گرفتی دەروونی و، تەنانەت گشت بەڵگەنامەکانیان لێ سەندبووم و پارەشم نەبوو، بۆیە هەستم دەکرد لە زینداندام، بەڵام هەست دەکەم من ئێستا بەهێزترم و دەتوانم بەرگەی ناخۆشییەکان بگرم.

**سەرچاوە: Gololy**

# لە داردا، پۆترێتی خاڵکاری



دایکانی سەربەرزی ئەوماڵباتانەی کورد، ناچار بوون بۆ رۆڵەکانیان هەم دایك بن، هەمیش باوك، بۆ دابینکردنی بژێویی ژیان، گەرموگوڕکردنی بەرهەمی کاری دەست یەکێك بوو لەو رێکارانەی کە خانمانی سەربەرزی ئەو ماڵباتە کوردانە پەنایان بۆ برد، لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و لە سایەی گوشاری داگیرکەردا، ئەو خانەوادە ستەم لێ کراوانە گوزەرانیان دەکرد.

کیڤان بە حوکمی بچووکیی تەمەن لەو ئەنفالە رزگاری بوو، ئەو هەر لە منداڵییەوە لە نەخشی ئەو کارە دەستییانەوە حەزی وردەکاری و هونەری نیگاری لە لا دەرسکێت، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی دا بە رەنگ لەسەر کەرەستەی



تاریق کاریزی

**کیڤان هەر لە سەرەتاوە بە وردەکاری هاتە نێو دنیای نیگار، دوور نییە ئەو حەزی وردخوازی و وردەکارییە لە میراتی خێزانەکەیەوە بەدەستی هێنابێت، هەزاران خێزانی کورد لە دەڤەری بارزان و لەناو جەرگەی کوردستانەوە بە دەستی بەعسی داگیرکەر، راپێچی کۆمەڵگەی زۆرەملێ دەکرێن، ماڵباتەکەی کیڤان لە کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێی نزیک قوشتەپە نیشتەجێ دەکرێن، داگیرکەر هەر بەوەندە نەوەستا، لە ساڵی ١٩٨٢دا رەشبگیرییەکی دەست پێ کرد، هەشت هەزار نێرینەی کورد (لە نێویاندا باوکی کیڤان)ی بەرەو بیابانی رۆژاوای عیراق راپێچ کرد، لەوێشدا زیندە بە چاڵی کردن.**






وەك (کاغەز، کانڤاس، کارتۆن) لە شێوەی نیگاری پڕ لە وردەکاریدا، کار و هونەر بکات، هونەردۆستان لە چەند پیشانگایەکدا بەرهەمی کیڤانیان لە نێو شەپۆلی ناوەندی هونەردا بینی، ئەو بوو بە خاوەن مۆرکێکی تایبەت و، وردەکاری و وردەکاریی زیاتر لە بەرهەمدا.
لە هەنگاوێکدا کە خۆی لە گۆڕینی کەرەستە و تەکنیکدا دەبینێت، کیڤان ئەم جارەیان هەر بە سەلیقەی وردەکارانەی خۆیەوە، داری کردووەتە کەرەستەی نەخشاندنی بەرهەمی هونەرەکەی، کەسایەتی و ناودارانی کوردیش کرۆك و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی ئەون، لەم هەنگاوەدا پەنای بردووەتە بەر تەکنیکی خاڵکاری، بە خاڵخاڵی رەش پۆرترێت دەنەخشێنێت، ئەمەش هەوڵێکی دروستە بە ئاراستەی زیاتر نزیك کردنەوەی هونەری نیگار لە هەست و خولیاو، زەین و ویژدانی رۆڵەکانی نەتەوە.
خاڵکاری لە رچەی هونەری نیگاردا شێوازێکی باوە، بەرهەمی کیڤان لەم رووەوە لەوەدا تایبەتمەندیی خۆی گەڵاڵە دەکات، کە خەڵکاریی تێکەڵ بە کەرەستەیەکی رەقی وەك دار کردووە، ئەمەش بە شێوەیەکی خۆڕسك تێکەڵ بە هەستی کوردانەی ئەو بووە، کوڕی ماڵباتی نێو نەتەوەیەکی بێبەش لە ئازادی، ئازارچەشتەی دەستی ستەمی داگیرکەر، چاوەڕوان ناکرێت گوتاری دیدەبیانەی ئەو لە دەرەوەی بازنەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیانەدا بێت، کیڤانیش (پەیوەست بە هەست و نەست و ویژدانی خۆی) لە رێچکەی ئەو گوتارە، لای نەداوە.

